# نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێ دەوڵەتی عێراق پێکبهێنێ!



بەهۆی ناکام مانەوەی لیستە براوەکان لە پێکهێنانی کابینەی نوێ و چڕبوونەوەی کێشەو گرفتەکانی نێوان لیستەکان، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بیر لەوە دەکاتەوە کە بۆخۆی دەوڵەتێک لە عێراق پێکبهێنێ و عێراق لەو گێژاوە ڕزگار بکات.

ڕاوێژکارانی سەرکۆماری ئەمریکا ئاشکرایان کردوە: 'بەگوێرەی بەندی حەوتەمی بڵاوکراوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەو ڕێکخراوە دەتوانێ لە هەلومەرجی پێویست بۆ گۆڕینی سیاسەت بە گشتی لە پێکهێنانی دەوڵەتدا دەست تێوەردان دابکات'، بەوهۆیەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە ڕێی کردەیی بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێ لە عێراق دادەنێ. ئەو بیرۆکەیەش بە گوێچکەی باراک ئۆباما گەێندراوەو داوای لێکراوە ئەرێی بکات.

باراک ئۆباما لە دیدارە جۆراوجۆرەکانیدا لەگەڵ ئادمیلکەرت، نوێنەری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە عێراق، کریستۆڤەر هیل، باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغداد، پرسی پێکهێنانی دەوڵەتی لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە هێناوەتە گۆڕێ و داوای سەرنج و تێبینی ئەوانی کردوە.

جۆی بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکا لە سەردانی خۆیدا بۆ عێراق هەوڵی خۆیدا تا لاپەڕەکانی سیاسی عێراق لەگەڵ داخوازی کۆشکی سپی بێنەوە، بەڵام تا ئێستا هەوڵەکانی ئەویش ناکام ماونەتەوە.

بەندی حەوتەمی بڵاوکراوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەتە بەو وڵاتانەی کە ئاسایشیان لە ژێر هەڕەشەدایەو شیاوی بێبەشیکردنن، عێراقیش لە دەیەوی ٩٠ تا ئێستا لەژێر بەندی حەوتەمدایەو تا ئێستا ٧٣ بڕیارنامەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە عێراق دەرچووە.

سەرچاوەکانی هەواڵ لە باوەڕپێکراوانی خۆیانەوە ئاشکرایان کردوە کە زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی عێراق و وڵاتانی جیهان خوازیارن کە کۆتایی بە کێشەی پێکهێنانی کابینەی نوێ بهێنرێ، بۆ ئەو مەبەستەش دەخوازن کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سوود لە دەستەڵاتی خۆی وەربگرێ و دەوڵەتی نوێ لەعێراق پێکبهێنێ. تەنانەت ئەیاد عەلاوی سەرۆکی ئیئتلافی ئەلعێراقیە کە پێکهێنانی کابینەی نوێ بە مافی ڕەوای خۆیان دەزانن، ئێستا نا ئومێد بووەو هیواخوازە کە کۆمکاری عەرەبی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دەست بەکار بن و ڕاستەوخۆ بێنە ناو هاوکێشەکەوەو ڕێگەچارەی پێکهێنانی حکومەت یەکلایی بکەنەوە.

نوری مالکی سەرۆکی ئیئتلافی دەوڵەتی یاسا کە تا ئێستاش مرخی خۆی لە وەدەست هێنانەوەی پۆستی سەرۆکوەزیران خۆش کردوە، بەڵام نایەوێ کێشەی کابینەی نوێ بە نێودەوڵەتی بکرێ، ناخوازێ لە پەنای بەندی حەوتەمەوە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دەست لە کاروباری نێوەخۆی عێراق وەربدات. زۆر سەرسەختانە ئەو بانگەوازانە ڕەت دەکاتەوەو هانی لیستە براوەکان دەدات کە هاوپەیمانێتی لەگەڵ ببەستن و ئەو بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران کاندید بکەنەوە.

ئەمڕۆ چوار مانگ و بیست سێ ڕۆژ بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق تێپەڕیوە، بەڵام نەک کابینەی نوێ پێکنەهێنراوە، بەڵکو کێشە گرفتەکانی نێوان لیستەکان گەورەتر بۆتەوە، لەنێو خۆی لیستەکانیشدا لەسەر تاکەکە کاندیدێک ڕێک ناکەون،بەوهۆیەوە عێراق لە تەنگژەو گێژاوێکی کەم وێنەدا دەژی، نیگەرانی و دڵەڕاوکێ باڵی بەسەر هۆڵی پارلەمانی عێراق داگرتووە، سیاسەتمەداران نائومێدو هەراسانن، هیچ کەسێک ناتوانی پێشبینی داهاتوو بکات، بۆیە زۆرێک لەوانیش خوازیارن کە نەتەوە یەکگرتووەکان دەستەڵاتی خۆی دەکار بکات و عێراق لە گێژاوی بێ حکومەتی دەرباز بکات.

**هێرش عەلی ڕەزا**

# ئەمریکا دەیەوێ سزای ئابوری سەر ئێران جێبەجێ بکرێ




وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەمەبەستی توندکردنی گەمارۆی ئابوری لەسەر کۆماری ئیسلامی ئێران، شاندی تایبەت ڕەوانەی وڵاتانی ئاسیا و ئەمریکای باشوور دەکات.

لەچوارچێوەی بەکردەوە کردنی ئەو سزا ئابوریەی کە بەسەر کۆماری ئیسلامی ئێران بڕیاری لێکدراوە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵمەتێکی دیبلۆماسی چڕی دەست پێکردوە، شاندی تایبەتی بۆ وڵاتانی دراوسێی ئێران، وڵاتانی دیکەی ئاسیاو ئەمریکای باشوور ڕەوانە کردوە.

بەگوێرەی ماڵپەڕی بی بی سی، دانییل گلاسێر وەزیری ئابوری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاشکری کردوە کە واشنتن دەیەوێ گەمارۆی ئابوری سەر ئێران بە کردەوە بکات، هەروەها بازنەی ئەو سزایانەش بەرفراوانتر بکات، بۆ ئەو مەبەستەش شاندی تایبەت ڕەوانەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، وڵاتانی ئاسیاو ئەمریکای لاتین دەکات.

دانییل گلاسێر ڕۆژی پێنچ شەممەی ڕابردوو، ٢٩-٧-٢٠١٠ ئاشکرای کردوە کە لە ڕۆژانی داهاتوودا لەگەڵ ڕۆبێرت نیهۆن ڕاوێژکارت یایبەتی کۆنترۆڵی چەکدارکردن لە وەزارەتی دەرەوە سەردانی ژاپۆن، چین و کۆریای باشور و میرنشینی عەرەبی دەکەن. ئامانجیش ئەوەیە کە ڕێ لە هەناردەکردنی کاڵای پێویست بۆ ئێران بگیرێ.

جێی ئاماژەیە کە ماوەیەک لەمەوبەر ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سزای بەسەر ئێران سەپاند، بۆ جێبەجێکردنی ئەو سزایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەخوازێ کە بەڵێن لە سەرجەم وڵاتانی دنیا وەربگرێ تا ڕەفتار لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا نەکەن.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەلایەکەوە خۆشحاڵی خۆی بۆ دانوستاندن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دەردەبڕێ و دەیەوێ لە میانەی دانوستاندنەکانی ئێران لەگەڵ کۆمەڵەی ٥+١ باوەڕ بە ئێران بهێنێ تا دەست لە بەرهەمهێنانی چەکی نیوکلیاری هەڵبگرێ، لەبەرانبەردا وڵاتانی زلهێز بە هەموو توانایانەوە هاوکاری لەگەڵدا بکەن.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەوروپا لە هەوڵەکانی ئێران بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی نیگەرانن، بۆیە دەخوازن کە گەمارۆکان توندتر بکەن، لە دەستپێکدا ئوسترالیا ڕایگەیاند کە هەموو شێوە بازرگانییێک کە لەبەرژەوەندی پڕۆژەی ناوەکای ئێران بێت، ڕادەگرێ، لەو پێوەندەدا وەزیری دەرەوەی ئوسترالیا لە ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو ڕایگەیاند 'پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەنێوان بەرهەمە نەوتیەکان و پڕۆژەی چەکی ناوەکیدا هەیە، بۆیە بە هیچ شێوەیەک بازرگانی لەگەڵ نەوت و گازی ئێران دا ناکات'، بەڵام بەهۆی هاوسنووری ئێران لەگەڵ تورکیاو عێراق سەپاندنی ئەو گەمارۆیە سەخت و دژوار بۆتەوە، چونکە تورکیا لەماوەی ڕابردوودا پەڕەی بە هەناردەکردن داوە بۆ ئێران، هەروەها لە ڕێی عێراقیشەوە هەموو شتێک ڕەوانەی ئێران دەکرێ. تەنانەت ئێران دەیەوێ لە ڕێی خاکی عێراقەوە گازی سروشتی ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان بکات.

ئێستا ئەمریکا لەبەردەم تاقیککردنەوەیێکی سەخت دایە، ئەگەر نەتوانێ سزاکان بەسەر ئێران بسەپێنێ، ئەگەر چین و ژاپۆن سوود لە سزا سەپێنراوەکان وەربگرن و ئاستی بازرگانیکردن لەگەڵ ئێران گەورەتر بکەنەوە، ئیدی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک بەرەندەو سەرکەوتوو لە هاوکێشەکەدا دێتە دەرێ.

چاودێرانی سیاسی ئەگەری سەرکەوتنی ئەمریکا لە سەپاندنی ئەو سزایانە بەسەر ئێراندا بە لاواز دەزانن، چونکە ئێران لە کایەی دیبلۆماسی نێو دەوڵەتیدا شارەزایی باشی هەیەو لە ڕابردووشدا لێزانانە ڕەفتاری کردوە.

**دلشاد سەباح**

# چل شوێنی ئاڵودەبوو بە تیشکی یۆرانیۆم لە عێراقدا هەن، لە داهاتوودا کاریگەری نەرێنی لەسەر لەدایکبوون دادەنێ

بەگوێرەی هەواڵەکان، بەهۆی بەکارهێنانی چەکی جۆراوجۆر لەلایەن ئەمریکاو بەریتانیا لە هەردوو شەڕی گەردەلوولی بیابان و پڕۆسەی ئازادی عێراق، ئێستا ٤٠ شاری عێراق بە تیشکی یۆرانیۆم ئاڵودەن.

سەرچاوەکانی زانیاری جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە لە کاتی پڕۆسەی ئازادی عێراق کە بەسەکردایەتی ئەمریکاو بەریتانیا ئەنجامدرا، بە تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٣دا زیاترل ە دوو هەزار تەن چەک بەکارهێنراوە.

ئەلجەزیرە لە زاری پسپۆڕانی عێراقیدا بڵاوی کردۆتەوە، بەهۆی باڵاوبوونەوەی تیشکی یۆرانیۆم لە ئاکامی شەڕی ١٩٩١ و ٢٠٠٣دا تا سێ نەوەی دیکەش کاریگەری لەسەر منداڵ دادەنێ، بەوهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر منداڵی شێواو لەدایک دەبن.

دکتۆر مونجد عەبدولباقی، کارناسی وەزارەتی زانست و تەکنەلۆزیای عێراق ڕایگەیاندووە بەهۆی پارچە چەکی بەجێماو، سەدان شوێنی ئاڵودە بە تیشکی یۆرانیۆم لە عێراقدا هەیە، ئەوەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر نەوەی داهاتوودا دەبێ.

دکتۆر مونجد عەبدولباقی ئاماژەی بە پەیدابوونی نەخۆشی شێرپەنجە لە باشوورو ناوەڕاستی عێراق کرد و گوتی: 'لەوانەیە لە داهاتوودا ئەو پەیاتە بگاتە باکوورو زیان بە خەڵک و گیانلەبەران بگەیەنێ'



دکتۆر مونجد عەبدولباقی بە میدیاکانی گوتوە کە لە هەردوو جەنگی پێشوو کە هێرش کرایە سەر ڕژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٩١ و ٢٠٠٣، ئەمریکا و بەریتانیا بە ئەندازەیەکی زۆر چەکی پێشکەوتوویان بەکارهێنا کە بە ئەندازەیێکی زۆر یۆرانیۆمی پوختەکراویان تێدابوو، کە تا ئێستا لە هیچ شوێنیکی دیکە جیهاندا بەکار نەهێنراون و وێنەیان نەبووە.

پسپۆڕانی زانستی،، شارەزایانی بواری ژینگەو پزیشکانی منداڵ پێیانوایە کە تا دەیان ساڵی دیکە کاریگەری ئەو تیشکانەی کە بڵاوبوونەتەوە لەسەر مرۆڤەکان بەتایبەتیش لەسەر پڕۆسەی لەدایک بوون لە مرۆڤ و ئاژەڵ دادەنێن، بەوهۆیەوە کێماسی جەستەیی و دەروونیان لێدەردەکەوێ؛ بۆیە دەبێ حکومەتەکانی داهاتوو مشوری بخۆن و هەنگاوی کردەیی بۆ هەڵبگرنەوە.

**سەربەست کانەبی**

# هێزەکانی ئەمریکا کۆتایی ٢٠١١ لەعێراق دەکشێنەوە

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو لەکاتی ئاهەنگی پێشوازیکردن لەو سەربازانەی کە لە عێراق گەڕابوونەوە، جۆی بایدن جێگری سەرکۆماری ئەمریکا ڕایگەیاند کە دەبێ هێزە عێراقیەکان خۆیان بۆ داهاتوو ئامادە بکەن، چونکە ئێمە پابەندین بە کێشانەوەی هێزەکانمان لە عێراق و لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ سەرجەم هێزەکانی خۆمان لە عێراق دەکێشینەوە، بەوهۆیەوە بەرپرسیارێتی تەواو لە ئەستۆی عێراقیەکان خۆیان دەکەوێ و دەبێ پارێزگاری لە خۆیان بکەن.

جۆی بایدن کە پێشتر خاوەنی پڕۆژەی دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێمی فیدراڵی بوو، ئێستا شێلگیرانە لە هەوڵی ئەوەدایە کە هێزە عێراقیەکان لە دەوەرەی یەکتر کۆبکاتەوەو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ هانیان بدات.

جۆی بایدن لەلایەن باراک ئۆبامای سەرکۆماری ئەمریکاوە ڕاسپێردراوە تا لە نزیک چاودێری پێکهێنانی کابنیەی نوێ عێراق بکات بەڵام ئێستا دوای چەند گەڕی سەردان بۆ عێراق و کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی بەغداد، ماندووبوونی پێوە دیارە، تاڕادەیەکیش بێ ئومێد بووە، بەڵام دیسانیشەوە پێبەندبوونی خۆی بە کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق پێشان دەدات و جەخت دەکاتەوە کە لە کۆتایی ٢٠١١ سەرجەم هێزەکانیان پاشە کشە پێدەکات.

پێشتر ژەنەراڵ ئیدیرنۆ یگەیاندبوو کە ئەگەر کێشەی نێوان کوردو عەرەبیش یەکلایی نەبێتەوە، ئەوان هەر هێزەکانی خۆیان دەکێشنەوە، بەڵام نازاندرێ کە ئەو کاتە بایدن هەمان بیرۆکەی خۆی بۆ دابەشبوونی عێراق بۆ سێ هەرێمی فیدراڵ زیندوو دەکاتەوە یان نا؟ بەڵام ئەو دڵنیایە کە یەکلایی کردنەوەی کێشەی نێوان کوردوعەرەب ئاستەنگی گەورەی لە پێشە.

**هەوراز شوانی**